کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 29-11-2007 1:14

## سەرۆکی گەلی کورد تۆ لە کوێی؟ ... ڕێباز هە ورامی

لەندەن

گەلی کورد بەدرێژای مێژوو چاو بەست دەکرێ، جەلەلایەن دۆستەکانیەوە بێ یان دووژمنەکانیەوە! بۆ ئێمە گرنگ نیە. بەڵام بەدبەختی کورد لەوە دایە لە لایەن خودی دەسڵاتە کوردیە کەوە جاوبەست بکرێت، ئەوە نیە چاو بەست دە کرێت لە هە موو ڕێکەوتنو پرۆتۆکۆڵێک، کێ دە زانێ بڕیاری 140 ی کرکوک چی بەسەر هات؟ یان کوردو عەرە ب چۆن چۆنی لە عێراقدا پێکەوە دە ژین؟ یان کێ ناهێڵێت هەردوو تاوانباری خوێن ڕێژی گەلی کورد علی کیمیاوی و سوڵتان هاشم بۆ لە سێدارە نادرێن؟ یان تەنانەت ڕێکەوتنەکی خودی پارتی و یەکێتیش جۆنە؟ ئە



مانەش تاڕادە ێکیش بۆ منێکی ئاوارەی ئە وروپا کرنگ نین بەشی ئە وە ندە ش لە دنیای سیاست ئە گەین تاوە ڵامەکەیان دە ستم کە وێ!

بەڵام گەلی کورد دە کەمە دادوە ر لەم ئانوساتەدا کە کوردستان کەوتوە تە نێو پیلانی چەندین مخابراتی وڵاتانو چە ندین نمەک حەرامی جاسوسو جەندین گێژاوی سیا سیەوە! کەچی بەرزترین هەرە می دە سەڵات ون بوە و کەس نازانێ لەکوێیە؟!!!!

سەرۆکی هەرێم کاک مسعود ئەوە ماوەی یەک هەفتەیە کەس نازانێ چی بەسەر هاتوە! تەنانەت پێم وایە خودی پارتی دیمۆکراتیش نازانێ سەرۆک لە کوێیە! ئەوە دیوانی سەرۆکایەتیش هەر مە پرسە لە هە موو مان زیاتر بێخە بەرن! ئەوە گەلی کوردی داماویش کەس پرسی پێنە کردوە بۆ هیج شتێ تا ئێستە سەرۆک بۆ خۆ ونکردنێک پرسی پێ بکات! لە بێخەبەران ـــ خۆتان ئەو پەندە تەواو بکەن؟

بۆ جی گەلی کورد تائیستەش هێندە سادە و ساویلکەیە دە بێتە گاڵتەچی بەردەم ڕاگەیاندنە کانی دووژمنکانی بێت لەوانەوە بزانین لە کوردستانی لە مەڕ خۆشمان جی هەیە و جباسە! یان ڕاگەیاندنی کوردیش زۆر لاوازە تائێستەش دیواری شورای پۆڵاینی جوار دەوری حیزبەکان و سەرکردە کانی نەپساندوە هەتاوە کوو بۆ گەلی کورد باس کەن هەناوی ئەو حیزبانە جیەو جی دە گوزە رێ؟ یان پارتە کانی کوردی هێندە بێ باوڕن بە گەلی کورد نایانەوێ ئەوەی ڕۆژانە ڕو ئەدا دە گوزەرێ گەلی لێ بێ ئاگاکەن!

ئەوە نیە ڕۆژ نامەێکی ئیسرائیلی دە نوسێ سەرۆکی هەرێم تەقەی لێ کراوە لە تەل ئەبیبی پا یتەختی ئەوان لە نەخۆشخانەیە! کەجی گەلی کورد بە جێگرو سکرتێرە کەی خۆشیەوە بێخەبەرن!

خۆ گەر بۆ هەموو شتێ بڵێن قسەی دووژمنانە، وە ک ڕاگەیاندنەکەی سەرۆکایەتی هەرێم ماوە ێک لەمەوبەر ڕای گەیاند کاک مەسعود بریندار نەبووە! درۆی دووژمنانە! خۆ ئیسرائیل دووژمنی ئیوەی دە سەڵاتدار نیە! گریمان سەرۆک بریندارە، بۆ وە ک سەرۆکی ئیسرائیل نەهاتنە بەردەم ڕاگەیاندن و جۆن ئەو بە خەڵکی ئیسرائیلی گووت ئەوە من پێتان دەڵێم من هەندێک نەخۆشم بەڵام ترسی نیە بۆ سەر ژیانم، خەڵکی خۆم خۆش دە وێ جاو بەستیان ناکەم!

با ئێوە ش گەلتان ئاگادار بکردایتەوە کە ژیانی سەرۆک جەباسە؟ گەر کاک مەسعود سەرۆکی هەموو گەلە بێجیاوازی! ئەویش مرۆفە وەک هەر تاکێکی کوردستان لەو خەڵکە ش نازار تر نیە باوکی یان کوڕی تیرۆر کراوە یان گوژراوە لە پێناوی کوردوستاندا!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:14 29-11-2007

ئەم دە نگۆیەش زۆر دور نیە لە ڕاستیە وە، لە بەر ئەوەی تورکیای دووژمن جەندین جار رای گەیاندوە کە ڕاستەو خۆ شوێن پێی سەرۆک دە کەوێت بۆ دژایەتی! بەڵام شاردنەوەی بۆ؟؟؟؟؟!!!

یان وە ک یاری کردن بە عەقڵی کوردی ڕۆژ نامەێکی تورکی دە نوسێ سەرۆک لە ئیتالیایە لە میلانۆ بۆ سەندنی جلوبەرک! کام جلوبەرک گرانترین جلوبەرگی جیهانی بۆ سەندنی هەر پارجێک لەو جلوبەرگە پێویستت بە 30 هەزار دۆلارە! توخوا گەر برنداریەکە درۆیە ئەی بەم هەواڵیان دەڵێن چی سەرۆکایەتی هەرێم؟ تۆ بڵی سەرۆک جلوبەرگی کوردی بەدڵنەبێ یان سۆپەر مارکێتە کانی کوردووستان کاڵاکانیان ساختەبن؟ ئیدی سەندنی جلوبەرگی گران بەها بۆ؟ منداڵانی هەڵبجەو گەرمیان و بەرزان ئەو جلوبەرگەی بەریان هی ساڵی 1988!

گەر ئەم هەواڵەش درۆیە ئەی بۆ بێدەنگن لە ئاست گاڵتەی دووژمنان پێمان؟ بۆ جی دە بێت ڕاگەیاندنی کوردی دەبێت لە ڕاگەیاندنی بێگانەوە بزانن تەشریفی سەرۆک لە کوێیە! دە بوو سەرۆک پێش ئەوەی کوردوستان جێبێڵێ پرسی بە پەر لەمان و جێگری هەرێم بکردایە نەک پاش ئەوەی دە نگۆی ڕەنگاو ڕە نگ بلا و بوە تە وە ئە و دە مە ئێوە دە ڵێن بۆکارێکی نە حیزبیو نە حوکو می نە بوە و شەخسی بووە. لە کاتێکدا ئێمەی کوردانی ئەوروپا ڕۆژانە بۆ جەند ڕۆژێک ناجینە سەرکارەکانمان واز لە کاری شاخسی دێنین دە جین بۆ ڕێپێوان بۆ بەردەم سافارە تەکان دژی لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناو خاکی کوردووستان، کەجی مە خابن تازە سەرۆک ئیش بۆ کاری شەخسی خۆی دەکات!

تائێستەش کەس نازانێ سەرۆک لە کوێیە! بۆیە ئەم پەرەگرافەم نوسی گوتم تۆ بڵێت سەرۆک هاتبێت بۆ ئەوروپا بۆ حەوانە وە جون دە مێک بوو سەرۆک هیلاک بوو ئێستە کاتی زۆرە ئە توانێ کە مێک جاو بە سایدە ئەلکترۆنیەکاندا بخشێنێ و ئەم نوسینەی منش بخوێنێتەوە و کورد واتەنی لەبەر ڕەزای خوا پێمان بڵێ لە کوێیە، جیدی لە دڵەڕاوکێ دا نەبین ئا خۆ سەرۆکمان ماوە نەخۆشە یان زامدارە لە کوردووستانە یان لە دەرەوەیە؟

تکایە سەرۆک وەڵامی خۆتم دە وێیت تۆ لە کویت؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.